# "١٧ی شوبات " چی بوو و چی بەسەرهات ؟

**هەژێن**

**١٨ی فێبریوەری ٢٠١٥**

– چەند ساڵ بوو،کە نارەزایەتی خەڵک لە گەندەڵی و سەرکوت و پارتایەتی لێوانلێو بوو ...

– لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ تەقینەوەی ڕاپەڕین لێرە و لەوێ لە سەرهەڵداندا بوو ....

– کارایی ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی جەماوەریی وروژاندبوو ...

– کۆمەڵێک هەلپەرست بە مەبەستی قۆرخکردن و پاوانکردنی نارەزایەتی خەڵک، کەوتنە کۆپیکردنی ئەزموونەکانی تونس و میسر و (ساحة التحرير بغداد) ...

– لەژێر کارایی کۆمەڵێک هۆکار و هاندەردا تەقینەوەی جەماوەر چەخماخەی دا ...

– پێشمەرگەکانی دەسەڵات تەقەیان لە خۆنیشاندەران کرد ...

– سەرانی لیستی نەوشیروانییەکان کە لەژێرەوە خەڵکیان بۆ ناوچەگەریی و دژایەتی (پدک) هاندەدا، هەر کە زانیان نارەزایەتی خەڵک و خواستەکانی خۆنیشاندەران زیاتر لە بەرنامەکەی ئەوان دەڕۆن، ڕاپەڕینی خەڵکیان بە ئاژاوە ناوبرد و کەوتنە سووکایەتیکردن بە ئازادیخوازیی خەڵک.

– هەر وەک لاساییکردنەوەی "ساحة التحرير قاهرة"سەرای سلێمانی بوو بە سەکۆی ئازادی ...

– نەوشیروانییەکان کەوتنە ئاراستەکردنی نارەزایەتییەکان تەنیا بەرەو (پدک) و ناوچەگەرییکردنی وەک سلێمانی بەرانبەر ناوچەی بارزان ..

– پارتییە ڕامیارییەکان تەنانەت ئەوانەش، کە دەمێک بوو ئەوروپا–نشین بوون گەڕانەوە و قسەکەرانی جادووگەری خۆیان [نووسەرانی دەربار] خستە پشتی بڵندگۆ ...

– ڕۆژی ٢١ی ئازاری ٢٠١١ (سەرای سلێمانی) کرا بە فڕۆکەخانەی (میهرئاباد) و وەک (ئیمام خومەینی) پێشوازی لە نەوشیروان موستەفا کرا ..

– بە پووچگەرایی "بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی" و جادووی نووسەرانی دەرباری (ینک) و (لیستی بەناو گۆڕان) و (پدک)، جەماوەر سارد و خۆشباوەڕکرایە ..

– گروپە ئیسلامییەکان بە پشتیوانی نەوشیروانییەکان و پاشنوێژی "ڕۆشنبیرانی نەتەوە"، (سەرای سلێمانی) کە بووبووە سیمبوڵی ئازادی و خرۆشان، گۆڕی بە مزگەوت و مەیدانی جیهادی ڕامیاریی ...

– قسەکەرانی پشت بڵندگۆ و کۆمەڵێک چەپ نارەزایەتی جەماوەرییان کردە چەپکەگوڵێکی سپی و بردیان و لەسەر مێزی "سەرۆک" فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێم، دایاننا ..

– پارتییە چەپە لاکەوتەکان هیوای خۆیان بە ١٧ شوبات گرێدایەوە و تا دوو ساڵ پاش ئەوە هەر بە زۆرەکی و میکانیکیانە ویستیان جەماوەر ڕەدووی خۆیان بخەن ...

– ئێستاش چەپی لاکەوتە وەک تەنیا هیوایەک بۆ مانەوە خەریکی سەرمایەگوزارییە لەسەر ئەو ساڵیادە ...

– دەسەڵاتداران بە دیمانەکردن لەتەک بێژەرەکانی ئەو کاتی (سەرای سلێمانی) وەک ئامرازێک بۆ فریودانی خەڵک و ئاشکردنەوەی قوربانیان و بکوژان بەکاردەباتەوە ...

– هەموو ڕاپەڕینێکی تێکشکاو و دەستەمۆکراو بێجگە لە نائومێدی و تەشەنەی ڕەوتە کۆنەپەرستەکان ئیسلامیست، ناسیونالیست، شۆڤینیست، ڕەیسیست، فاشیست و سێکسیستەکان، بەهێزبوونەوەی دەسەڵات و زەمینەسازیی بۆ سیاریۆکانی دەسەڵاتداران دەرەخسێنێت. کۆمەڵی هەرێمی کوردستان لەم ساتەدا لەم قۆناخەکدا دۆشداماوە و بووەتە کێڵگەی هەموو ڕەوتێکی دژە–مرۆڤایەتی تەنانەت (داعشیزم)یش.

بەداخەوە، هەر ئاوا شکستخوازدن و جەنگی نێوخۆی سوریە بەرهەمی کۆپیکردنی زۆردارەکی ڕاپەڕین بوو لە لایەن تاک و گروپە ڕامیارەکانەوە، ئەوەی هەنووکە لە (هەرێمی کوردستان)یش دەگوزەرێت، بەرهەمی هەمان کۆپیکردنی میکانیکیانەی ڕووداو و ئەزموونەکانە بۆ نێو کۆمەڵێک، کە نە ڕاپەڕینەکە بەرهەمی بەلوتکەگەییشتنی خودهوشیاریی خۆیەتی و نە دارای ڕێکخستنە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکانی خۆیەتی وەک "ڕۆژاوا"، کە بەلابردنی دەوڵەت و دەزگەکانی هیچ بۆشاییەک لە کۆمەڵ و بەڕێوەبردن و کارگێڕییدا دروستنەبوو و کۆمەڵ تووشی ڕاڕایی و ئاوەڕدانەوە بەرەو دوا نەبوو، بەڵکو بوو بە سەرەتا و ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی .

لەبەرئەوە، بە بۆچوونی من، ئێستا و دەیان ساڵی دیکە و وێڕای هەزاران هەوڵی دیکەش، ئەگەر تاکە ژێردەستەکانی کۆمەڵ بە ئاستێک لە خودهوشیاریی شۆڕشگێڕانە نەگەن، کە لەسەر بنەمای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ و تێکۆشانی ڕاستەوخۆ و ڕێکخستنی ئاسۆیی، سەربەخۆیی خۆبیرکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆبڕیاردان و خۆبەڕێوەبردنیان پێدەبەخشێت، ئەوا هەموو جارێک تەنیا شکست و نائومێدی و ئازارەکانی ١٧ی ئایاری ١٩٨٧ی هەڵەبجە و ٧ی ئازاری ١٩٩١ و ١٧ی فێبریوەری ٢٠١١ چەند بارە دەبنەوە و هەموو جارێک تێکۆشان و قوربانیدانیان دەچێتەوە گیرفانی کۆمەڵێک ڕامیار و پارت و گروپ و هەلپەرستانە لاوازییەکانی بزووتنەوەکە، کە خۆشباوەڕیی و متمانەیە بە پارتییەکان و ڕابەر و دەستەبژێرە ڕامیار و ڕۆشنبیرەکان و کەسە کارێزمادارەکان!

دوا شت کە لەم وەڵامەدا دەمەوێت بیوروژێنم، پرسیارێکە هەموو ساڵێک لەم ساڵیادەدا دێتەوە پێشەوە و بەداخەوە تا ئێستا زۆرێک خۆیان لە وەڵامدانەوەی لادەدەن یا هەوڵی پەردەپۆشکردنی دەدەن؛ ئێستا پاش چوار ساڵیاد، خۆبەنوێنەرکەران و خۆبەنوێنەرزانانی سەرای سلێمانی چی وەڵامی خەڵک دەدەنەوە و چۆن خۆشباوەڕیی خۆیان بە بەڵێنەکانی "سەرۆک" هەڵدەسەنگێنن؟

********************************************

خوێنەری هێژا، ئەمە دەقی وەڵامێکی منە بە پرسیاری هاوەڵێکی فەیسبووکی، کە گلەیی لە من دەکات و دەڵێت

" بۆ لەبارەی ١٧ شوباتەوە بێدەنگیت هەڵبژاردووە؟ "